# پێشەکی بۆ ٤٠ـەمین کتێبی پەیمانی نوێ
# ئینجیل بە گوێرەی نوسینی مەتا (زایینی ٦٢)

أ. نووسەری ئینجیل بە گوێرەی نوسینی مەتا
ب. بەروار و شوێنی نووسینی ئینجیل بە گوێرەی نوسینی مەتا
ج. تایبەتمەندییەکانی ئینجیل بە گوێرەی نوسینی مەتا
د. مەبەستی ئینجیل بە گوێرەی نوسینی مەتا
ه. دابەشکردنی مەتا، مەرقۆس و لوقا بەراورد بە یۆحەنا
و. بابەت و دابەشکردنی ئینجیل بە گوێرەی نوسینی مەتا
ز. مەتا فێری ئەوە دەکات کە عیسا پێغەمبەری گەورەیە
ح. مەتا فێری ئاشکراکردنی مێژووی ڕزگاریی خودا دەکات
ت. مەتا فێری ڕاستی و گەشەکردنی پاشایەتی خودا دەکات
ی. مەتا هەروەها مەبەستێکی بەرگریکارانەی هەیە

## یەکەم ئینجیل بە (ئینجیل بە گوێرەی نوسینی مەتا) ناودەبرێت، مەتا یەکێک بوو لە دوازدە قوتابییەکەی مەسیح.

## أ. نووسەری ئینجیل بە گوێرەی نوسینی مەتا

ئینجیل بە پێی نوسینی مەتا لە لایەن مەتا کە یەکێک بوو لە قوتابییەکانی مەسیح نوسراوەتەوە.

### ١. نووسەری تێبینییەکان بە زمانی ئارامی

باوکی کڵێسا پاپیەس، کە لە ساڵانی ٧٠-١٥٥ی زایینی ژیاوە، وتی، "مەتا 'لۆجیا'ـی بە شێوەزاری عیبری ڕێکخستووە، و هەریەکەیان وەکوو توانای خۆی وەریگێڕاوە". وشەی 'لۆجیا' ئاماژەیە بۆ وتە و کردارەکانی عیسای مەسیح. ئەمە بەو واتایە دێت کە مەتا "ئەو شتانەی کە لەلایەن مەسیحی پەروەردگارەوە گوتراون و کراون" بە زمانی ئارامی نووسیوە، ئەو زمانەی کە مەسیح و مەتا قسەیان پێدەکرد. دواتر مزگێنیدەرەکانی تر (نووسەرانی ئینجیل) ئەم وتە و کردارانەیان لە زمانی ئارامی وەرگێڕاوە و بەکاریان هێناوە بۆ نووسینی ئینجیلەکانیان بە زمانی یۆنانی. پێدەچێت لە کاتی خزمەتی عیسا لە ساڵانی ٢٦-٣٠ی زایینی، مەتا، کە باجگرێکی لێهاتوو بوو، دەیتوانی بخوێنێتەوە و بنووسێت، سەرەتا تێبینی وتە و کارەکانی مەسحی بە زمانی خۆی، واتە ئارامی، کە نزیک بوو لە عیبری، دەنوسێت. دواتر، تێبینییەکانی خۆی و ئینجیلی مەرقۆس و ئەزموون و توێژینەوەکانی دیکەی خۆی بەکارهێناوە بۆ نووسینی ئینجیل بە گوێرەی نوسینی مەتا بە زمانی یۆنانی. یۆنانی زمانی کلتووری بوو کە لە سەرانسەری ئیمپراتۆریەتی ڕۆماییدا قسەی پێدەکرا. زۆرێک لە جولەکەکان لە سەرانسەری ئیمپراتۆریەتی ڕۆماییدا دەژیان.

### ٢. نووسەری ئینجیل بە گوێرەی نوسینی مەتا بە زمانی یۆنانی

بەڵگە و شایەتییەکانی ناوەوە و دەرەوەی نەریتی مەسیحی هەموویان یەکدەنگن کە مەتا، قوتابی عیسا، ئەو کەسە بووە کە یەکەم ئینجیلی نووسیوە. لە سەدەی یەکەمدا، هەمووان ئەمەیان دەزانی، بەڵام ساڵی ١٢٥ زایینی ناونیشانی 'بەپێی مەتا' خرایە سەر ئینجیلەکە تاکو خەڵکی نەوەکانی دواتر لەبیر نەکەن کە کێ نووسیویەتی.

مەرقۆس ٢ :١٤ دەڵێت کە مەتا بە "لێڤی، کوڕی حەلفی" ناوبراوە. بۆیە ئەو جولەکەیە. مەتا بە ناوی خۆیەوە لە ئینجیلی خۆیدا باسی کراوە. مەتا ٩:٩-١٠ باسی ئەوە دەکات کە چۆن مەتا بووە قوتابی مەسیح. دەڵێت: "کاتێک عیسا بەوێدا تێدەپەڕی، پیاوێکی بینی لە شوێنی باجگری دانیشتبوو، ناوی مەتا بوو. پێی فەرموو: «دوام بکەوە.» ئەویش هەستا و دوای کەوت. لە کاتێکدا عیسا لە ماڵی مەتا لەسەر خوان بوو، زۆر لە باجگران و گوناهباران هاتن و لەگەڵ عیسا و قوتابییەکانی بۆ نانخواردن."
دواتر، لە مەتا ١٠ :٣دا، مەتا وەک یەکێک لە دوازدە قوتابییەکانی عیسا هەڵدەبژێردرێت.
کاتێک مەتا بانگهێشتی پەیڕەوکردنی مەسیحی وەرگرت، باجگرێک بوو لە شاری کەفەرناحومی جەلیل. بۆیە ڕەنگە لە خزمەتی هێرۆدس ئەنتیپاسدا بووبێت و باجی بۆ فەرمانڕەوا ڕۆمانییەکانی جەلیل کۆکردبێتەوە.

جولەکەکان ڕقیان لە باجگرەکان دەبووەوە، وەک خیانەتکار و هاوکارانی دوژمن سەیریان دەکردن و لە یەک ریزدا لەگەڵ خراپترین "گوناهبارەکان"ی کۆمەڵگاکەیان دایاندەنان.
هەرێمی ڕۆمانی جەلیل بە "جەلیلی نەتەوەکان" ناسرابوو، چونکە زۆر نەتەوەی یۆنانی زمان لەنێو جولەکەکانی جەلیلدا دەژیان. ئەم ڕاستییە واتە مەتا دەبێت زمانی یۆنانی و هەروەها زمانی دایکی خۆی، ئارامی، زانیبێت.

ئاماژەکردنی مەتا بۆ پەیمانی کۆن، پیشان دەدەن کە مەتا ئاشنای زیاتر لە یەک زمان بووە. ئاماژەکانی:

- هەندێک جار لە پەیمانی کۆنی عیبرییەوەن
- هەندێک جار لە وەرگێڕانی یۆنانی پەیمانی کۆنەوەن

- هەندێک جار جۆرێک لە پارافرەیزن کە تێیدا توخمەکانی هەردوو زمانی عیبری و یۆنانی بەکارهاتوون
لەسەرووی ئەوەش، ئەرکی باجگر ئەوە بوو کە ڕاپۆرتی نووسراو دەربارەی ئەو پارانەی کە کۆی دەکردەوە بنوسێت. بۆیە مەتا کەسێکی گونجاو بوو بۆ ئەوەی وشە و کارەکانی مەسیح لە کاتی ڕوودانیاندا بنوسێتەوە.
هەرچەندە زۆر لەبارەی مەتا لە چوار ئینجیلەکەدا ناخوێنینەوە، بەڵام ڕەنگە ئەمە گرنگترین ئەرکی ئەو بووبێت: کە تۆماری بەردەوامی وشە و کارەکانی مەسیک بپارێزێت لەکاتێکدا کە هێشتا لەسەر زەوی بوو. دواتر، خۆی و ئینجیلنووسانی تر ئەم نوسینانەیان بەکارهێنا بۆ نووسینی ئینجیلەکانیان بە یۆنانی.

مەتا جولەکەیەکی زیرەک و ڕۆچووبوو لە ئایندا. بێگومان نووسراوەکانی پەیمانی کۆنی زۆر باش دەزانی. بۆیە کاتێک ڕۆحی پیرۆز دواتر ئیلهامی پێدا و ڕێنمایی کرد، ئەو جۆرە کەسە بوو کە دەیتوانی پێشبینییەکانی پەیمانی کۆن لە ڕووناکی جێبەجێبوونیان لەلایەن عیسای مەسیحەوە لێکبداتەوە.
باوکە کڵێسایەکانی سەرەتایی مێژوو بە زۆری ئاماژە بە ئینجیل بە گوێرەی نوسینی مەتاو دەکەن. وە باوکە کڵێساییەکان بەبێ هیچ جیاوازییەک دەڵێن کە مەتا 'ئینجیل بەپێی مەتا'ی نووسیوە..

## ب. کەی و لە کوێ ئینجیل بە گوێرەی نوسینی مەتا نووسراوە

مەتا نووسراوەکانی عیبری پەیمانی کۆنی بەکارهێناوە. ئەم نووسراوانە لەسەر تۆمار نووسرابوون و لە کەنیسەکانی جولەکەکاندا هەڵگیرابوون. ئەمە واتە مەتا دەبێت ئینجیلەکەی پێش ئەوە نووسیبێت کە مەسیحییەکان پەیوەندییان لەگەڵ کەنیسەکاندا بپچڕێت، چونکە هێشتا دەستی بە ئەو نووسراوانە گەیشتووە.
لەبەرئەوەی مەتا ئاماژە بە زۆر ڕووداو و بارودۆخ لە ئۆرشەلیم و دەوروبەری دەکات، کە هەندێکیان تەنها ئەو باسی کردوون، دەبێت فەلەستین ئەو ناوچەیە بێت کە لێی ئینجیلەکەی نووسیوە. کەواتە مەتا دەبێت ئینجیلەکەی پێش وێرانبوونی ئۆرشەلیم لە ساڵی ٧٠ زایینی نووسیبێت، و ڕەنگە لە خودی ئۆرشەلیمەوە.

باوکی کڵێسا ئیرینائۆس (ساڵی ١٣٠-٢٠٢ زایینی) دەڵێت: "مەتا ئینجیلەکەی بڵاوکردەوە لە کاتێکدا کە پەترۆس و پۆڵس لە ڕۆما مزگێنییان دەدا و کڵێسایان دادەمەزراند." ئەو وشەی "دامەزراندن" بەکاردەهێنێت، نەک "دامەزراندنی" کڵێسای ڕۆما، بەڵکو وەک لە فیلیپی ١ :١٢-١٨ باس کراوە، "بەهێزکردن"ی کڵێسا لە ڕێگەی مزگێنیدانەوە لە زیندانی ڕۆماوە. لەبەرئەوەی پۆڵس تا نزیکەی ساڵی ٦٢ زایینی لە ڕۆما بوو و پەترۆس ڕەنگە لە ساڵی ٦٣ زایینی لە ڕۆما بووبێت، بۆیە دەگەینە ئەو ئەنجامەیکە ئینجیل بە گوێرەی نوسینی مەتا لە نزیکەی ساڵی ٦٢ زایینی لە ئۆرشەلیمەوە نووسراوە.

### ج. تایبەتمەندییەکانی ئینجیل بە گوێرەی نوسینی مەتا

#### ١. ئینجیل بە گوێرەی نوسینی مەتا ڕێکوپێک و جوانە
تایبەتمەندی ئینجیل بە گوێرەی نوسینی مەتا ئەوەیە کە کاتێک مەتا بابەتێک دەدۆزێتەوە، بە وردیباسی دەکات. بۆیە ئینجیل بە گوێرەی نوسینی مەتا نێوان باسکردنی ڕووداوە مێژووییەکانی ژیانی مەسیحدا، شەش وتاری جوان و گرنگی تێدایە.  مەتا لە ئینجیلەکەیدا جەخت لە لەسەر فێرکردنەکانی مەسیح دەکاتەوە، لە کاتێکدا ئینجیلی مەرقۆس جەخت لەسەر کردارەکانی مەسیح دەکاتەوە.

## ٢. ئینجیل بە گوێرەی نوسینی مەتا پێشبینی پێغەمبەرانەیە

ئینجیل بە گوێرەی نوسینی مەتا دەڕوانێتەوە دواوە و باس دەکات کە چۆن مەسیح پێشبینی پێغەمبەرانی پەیمانی کۆن دەربارەی خۆی جێبەجێ دەهێنێتە دی.

زیاتر لە چل جار دەڵێت: "ئەوەی لە ڕێگەی پێغەمبەرەوە گوترا... هاتە دی" (٢ :١٧). بۆ نموونە، لە مەتا ١ :٢٣ عیسا پێشبینییەکەی دەربارەی 'عیمانوئێل' هێنایە دی. لە مەتا ٢ :٦ پێشبینییەکەی جێبەجێ کرد کە لە بێتلەحم لەدایک دەبێت وەک فەرمانڕەوا و شوانی ئیسرائیل. لە مەتا ٣:٣ پێشبینییەکەی جێبەجێ کرد کە ئەو خودایە (عیبری: یەهوە، یۆنانی: کوریۆس) کە سروشتی مرۆڤی وەرگرت و هاتە سەر زەوی و یەحیای لەئاوهەڵکێش پێشڕەوی ئەو بوو، ئەوەی ڕێگای بۆ ئامادە کرد. نەک تەنها مەسیح ئەم پێشبینییانەی پەیمانی کۆنی جێبەجێ دەکات، بەڵکو بەپێی کتێبی پیرۆز مەسیح خودی ئەو ئەو کەسەیە کە لە ڕێگەی پێغەمبەرەکانی پەیمانی کۆنەوە پێشبینی ڕووداوەکانی داهاتووی کردووە! لە ١ پەترۆس ١ :١٠-١١ دەخوێنینەوە: ئەو پێغەمبەرانەی کە پێشبینییان کرد لەسەر ئەو نیعمەتەی کە خودا بۆ ئێوەی ئامادە کردبوو، بە وردی لێکۆڵینەوەیان لە بابەتی ئەو ڕزگاربوونە کرد و بەدوایدا گەڕان، ڕۆحی مەسیح کە تێیاندابوو، ئاگاداری دەکردنەوە سەبارەت بە ئازارەکانی مەسیح و ئەو شکۆداربوونەی لەدوای ئازارەکانەوە دێت." هەروەها ئاشکراکردن ١٩ :١٠ دەڵێت: "شایەتی مەسیح (لەلایەن مەسیحەوە و دەربارەی مەسیح) ڕۆحی پێشبینییە!" کەواتە، مەسیح ئەو کەسەیە کە لە پەیمانی کۆندا و لە ڕێگەی پێغەمبەرەکانی پەیمانی کۆنەوە و بە هۆی ڕۆحی خۆیەوە پێشبینی ڕووداوەکانی داهاتووی کردووە!

ئینجیل بە گوێرەی نوسینی مەتا هەروەها عیسا وەک 'پێغەمبەر' لە پەیمانی نوێدا پیشان دەدات!

لە مەتا ١٢ :٤١ دەڵێت کە ئەو لە پێغەمبەر یونس گەورەترە، و پێشبینییەکەی یونس نموونەیەکە بۆ مردنی مەسیح بۆ ماوەی سێ ڕۆژ. لە مەتا ١٣:١٣-١٥، عیسا هەمان پێشبینی پێغەمبەر ئیشایا دەکات، کە خەڵکێک دەبن کە مزگێنی دەبیستن، بەڵام لەبەرئەوەی دڵیان ڕەقکردووەتەوە، ناتوانن تێبگەن یان وەریبگرن. لە مەتا ١٧ :٥ خودی خودا دەفەرموێت کە عیسای مەسیح ئەو پێغەمبەرەیە کە موسا لە دەرچوون ١٨ :١٥-١٩ پێشبینی کردووە. دەفەرموێت: "گوێ لێی بگرن!"

ئینجیل بە گوێرەی نوسینی مەتا نەک تەنها دەڕوانێتەوە دواوە، بەڵکو دەڕوانێتە پێشەوە و باس دەکات کە چۆن عیسا وەک پێغەمبەر پێشبینی ئازار و مردن و هەستانەوەی خۆی دەکات. عیسا لە ئینجیل بە گوێرەی نوسینی مەتادا لانیکەم پێنج جار پێشبینی ئازارەکانی داهاتووی خۆی دەکات. بۆ نموونە، لە مەتا ١٦ :٢١ نووسراوە: "لەو کاتەوە عیسا دەستی کرد بە ڕوونکردنەوە بۆ قوتابییەکانی کە دەبێت بچێتە ئۆرشەلیم، لەوێ بە دەستی پیران و کاهینانی باڵا و مامۆستایانی تەورات زۆر ئازار بچێژێت و بکوژرێت و لە ڕۆژی سێیەم هەستێنرێتەوە".

لە مەتا ٢٣ :٣٧ و ٤٦:٢٥، مەسیح وەک پێغەمبەر بە وردی و زۆر بە ڕوونی پێشبینی ڕووداوەکانی داهاتوو دەکات دەربارەی کەوتنی ئۆرشەلیم، ئازارەکانی کڵێسا و هاتنەوەی شکۆمەندانەی دووەم جاری خۆی بۆ دادوەری باوەڕداران و بێباوەڕەکانی جیهان بەپێی شێوەی ژیانیان. پێشبینی دەکات کە بێباوەڕە خراپەکارەکان دەچنە سزای هەتاهەتایی، بەڵام باوەڕدارە ڕاستودروستەکان دەچنە ژیانی هەتاهەتایی (٢٥ :٤٦).

کەواتە، هەرچەندە هەر یەکێک لە چوار ئینجیلەکان مەسیح وەک مەسیحی چاوەڕوانکراو پیشان دەدەن، کە لەلایەن باوکەوە نێردراوە و لەلایەن ڕۆحی پیرۆزەوە دەستنیشان کراوە توەکو ببێتە پێغەمبەری گەورەمان، سەرۆک کاهینی دڵسۆزمان و پاشای هەتاهەتاییمان، بەتایبەتی ئەرکی پێغەمبەرییەکەی لە ئینجیل بە گوێرەی نوسینی مەتادا جەختی لێدەکرێتەوە.

## ٣. ئینجیل بە گوێرەی نوسینی مەتا بە تایبەت بۆ جولەکان نووسراوە

مەتا بە چەندین شێوە پیشان دەدات کە جولەکەیە. کاتێک مەتا ئینجیلەکەی بە زمانی یۆنانی نووسی، پاشخانی جولەکەی بەردەوام ئاشکرایە.

دەقە وەرگێراوەکانی مەتا لە پەیمانی کۆن

ئەوانە یان وەرگێڕانی ڕاستەوخۆی خۆیەتی لە پەیمانی کۆنی عیبرییەوە یان دەقە وەرگێراوەکانین لە وەرگێڕانی یۆنانی پەیمانی کۆنەوە.

مەتا تێگەیشتنێکی قوڵی لە خوداناسیدا هەیە.

زۆر دڵنیایە لە پلانی خودا و جێبەجێبوونی پلانەکەی لە مێژوودا. زیاتر لە مەرقۆس، لوقا و یۆحەنا، مەتا جەخت لەسەر جێبەجێبوونی پێشبینییەکان دەکاتەوە.

مەتا ئاشنای ژمارەناسی جولەکەکان بووە.

مەتا

بۆ جولەکەکان ژمارەکان هێمای ڕۆحانی بوون. مەتا حەز دەکات ژمارەی 'حەوت' بەکاربهێنێت.

- لە مەتا ١ :١٧، عیسای مەسیح وەک لوتکەی سێ جار چواردە نەوە پیشان دەدات، واتە، وەک دەستپێکەری حەوتەمین حەوت.
- لە مەتا ١٣، عیسا حەوت نموونەی دەربارەی پاشایەتی ئاسمان گێڕایەوە.
- لە مەتا ٢٣، حەوت جار دەستەواژەی "قوڕبەسەرتان" لە دژی فەریسییەکان بەکار دەهێنێت.

مەتا دەربڕینی 'پاشایەتی ئاسمانەکان' بەکاردەهێنێت.
ئەمە زیاتر لە دەربڕینی 'پاشایەتی خودا' (١٢ :٢٨؛ ٢١ :٣١) بەکاردەهێنێت، هەرچەندە لە بنەڕەتدا هەردووکیان یەک واتا دەگەیەنن.

- لە یۆنانیدا، مەتا بە واتای ڕاستەوخۆ کۆی پاشایەتی 'ئاسمانەکان' بەکاردەهێنێت، وەک لە پەیدابوون ١:١ کە خودا 'ئاسمانەکان'ی دروستکرد. مەتا بیر لە خودا دەکاتەوە، نەک تەنها وەک بەدیهێنەری ئاسمانەکان، واتە گەردوون، بەڵکو وەک فەرمانڕەوای ئاسمانەکانیش، کە هەموو گەردوون دەگرێتەوە. مەتا هەروەها بیر لە پاشایەتی دەکاتەوە کە لە ئاسمانەوە دامەزراوە، واتە لە خوداوە، وەک لە کتێبی دانیاڵدا.
- لە دانیاڵ ٢ :٤٤ پێغەمبەر دەڵێت: "لە سەردەمی ئەم پاشایانەدا، خودای ئاسمان پاشایەتییەک دامەزرێنێت کە هەرگیز لەناو ناچێت، بۆ گەلی دیکە بە جێناهێڵدرێت. هەموو ئەو پاشایەتییانە وردوخاش دەکات و کۆتاییان پێ دەهێنێت، بەڵام خۆی بۆ هەتاهەتایە بە چەسپاوی دەمێنێتەوە!" لە دانیاڵ ٧ :١٥-١٦ پێغەمبەر دەڵێت: "لە بینینەکەی شەودا تەماشام کرد، بەسەر هەوری ئاسمانەوە یەکێکی وەک کوڕی مرۆڤ بوو هات، گەیشتە لای خودای جاویدانی و بردیانە بەردەمی. ئینجا دەسەڵات و شکۆ و پاشایەتی پێدرا، بۆ ئەوەی هەموو گەلان و نەتەوەکان و خەڵکی هەموو زمانەکان بیپەرستن. دەسەڵاتەکەی دەسەڵاتێکی هەتاهەتاییە کە بەسەرناچێت، پاشایەتییەکەی لەناو ناچێت".
پاشایەتی ئاسمان هەموو گەردوونی دروستکراو لەخۆدەگرێت، لەوانەش هەموو ئەوەی ئێستا لەلایەن پاشایەتییەکانی تری سەر زەوییەوە فەرمانڕەوایەتی دەکرێت!

مەتا جەخت لەسەر گرنگی تەورات دەکاتەوە.
لە مەتا ٥ :١٧ مەسیح دەفەرموێت کە نەهاتووە تەورات بسڕێتەوە، بەڵکو تاوەکو بیهێنێتە دی.

- لە مەتا بەشی ٥-٧، مەسیح واتای ڕاستەقینەی یاسا ئەخلاقییەکان (دە فەرمان لە شەریعەتی موسادا) فێر دەکات، ئەوەی کە بە هۆی فێرکردنەکانی مامۆستایانی شەریعەتەوە واتای ڕاستەقینەی خۆی لە دەست دابوو.
- لە مەتا ٢٢ :٣٦-٤٠، مەسیح فێر دەکات کە هەموو کتێبەکانی تەورات و پێغەمبەران، واتە هەموو پەیمانی کۆن، بە یاسا گەورەی خۆشویستنی خودا و نزیلەکەت کورت دەکرێتەوە.
- لە مەتا ٢٣:٢٣، مەسیح فێر دەکات کە بابەتە گرنگەکانی تەورات دادپەروەری، بەزەیی و دڵسۆزین.

مەتا جەخت لەسەر گرنگی ئەوە دەکاتەوە کە مزگێنی ئینجیل دەبێت سەرەتا بۆ جولەکەکان ڕابگەیەنرێت.

- لە مەتا ١٠ :٥-٧، مەسیح لە سەرەتادا فەرمان بە قوتابییەکانی دەدات کە نەچنە لای نەتەوەکان، بەڵکو بچنە لای مەڕە ونبووەکانی ئیسرائیل و مزگێنییان پێبدەن کە پاشایەتی ئاسمان نزیکە، واتە پاشایەتی/فەرمانڕەوایی مەسیح هاتووە (هەروەها ١٥ :٢٤).
- مەتا تەنها ئینجیلە کە ئۆرشەلیم بە 'شاری پیرۆز' ناودەبات (٤ :٥).
- مەتا پێویستی بە ڕوونکردنەوەی نەریتەکانی جولەکەکان نییە، چونکە خوێنەرە جولەکەکان، نەریتەکانی خۆیان دەزانی (١٥:٢).

## ٤. ئینجیل بە گوێرەی نوسینی مەتا گرنگی بە کاری مزگێنیدان لە هەموو جیهاندا دەدات

هەرچەندە ئینجیل بە گوێرەی نوسینی مەتا بە شێوەیەکی سەرەکی بۆ جولەکەکان نووسراوە، بەڵام لە هەمانکاتدا بۆ هەموو مرۆڤایەتی نووسراوە! لە سەرەتاوە، مەتا بە ڕوونی پیشان دەدات کە چۆن ئەو مەسیحەی کە لە پێشبینییەکانی پەیمانی کۆندا باسکراوە، پەیوەندی بە هەموو جیهانەوە هەیە نەک تەنها بە ئیسرائیلەوە.

- لە مەتا بەشی ١-٢ تۆماری دەکات کە باب و باپیرە ڕاستەوخۆکانی عیسا بیانییانی لەخۆدەگرت وەک تامار، ڕاحاب و ڕاعووس و هەروەها مۆغەکان (زەردەشتیەکان) لە ڕۆژهەڵاتەوە هاتن کە کڕنۆش بۆ مەسیح ببەن لە دوای لەدایکبوونی.
- لە مەتا ٨ :٥-١٣ خزمەتکاری سەرپەلێکی ڕۆمانی چاک دەکاتەوە و لە مەتا ١٥ :٢١-٢٨ کچی ژنێکی کەنعانی. بە تایبەتی ستایشی باوەڕی ئەم دوو بیانییە (نا جولەکە) دەکات!
- لە مەتا ٨ :١١-١٢ و ٢١ :٤٣ پێشبینی دەکات کە پاشایەتی خودا لە جولەکەکان وەک نەتەوەیەک دەسەندرێتەوە و دەدرێتە هەموو جۆرە خەڵکێک کە بەروبوومی پاشایەتی بەرهەم دەهێنن.

- له مەتا ٢٢ :٩-١٠ فێر دەكات كە مزگێنی دەربارەی پاشایەتی خودا دەبێت بۆ هەر كەسێک ڕابگەیەنرێت كە خزمەتكارەكانی دەیدۆزنەوە!
- له مەتا ٢٨ :١٨-٢٠، دوای ئەوەی عیسای مەسیح كاری كەفارەتی لەسەر خاچ تەواو كرد، ئەركێكی جیهانی بە قوتابییەكانی سپارد. فەرمانی پێدان: "بڕۆن و هەموو نەتەوەكان بكەنە قوتابی!"

لەوانەیە ئەم پرسیارە بكەیت، چۆن دەبێت كە هەمان ئینجیلنووس لە هەمان كاتدا پەیامەكەی بۆ جولەكەكان و ناجولەكەكان (نەتەوەكان) ئاراستە بكات؟ وەڵامەكە لە كردار ١٣ :٤٦ نووسراوە: "پۆڵس و بەرناباسیش بە چاونەترسییەوە وەڵامیان دانەوە: «پێویست بوو یەكەم جار پەیامی خودا بۆ ئێوە باس بكەین. بەڵام لەبەر ئەوەی ڕەتتان كردەوە و خۆتان بە شیاوی ژیانی هەتاهەتایی نەزانی، ئەوەتا دەچینە لای ناجولەكەكان، چونكە مەسیحی باڵادەست بەم جۆرە ڕایسپاردین:
«﴿من تۆم كردووەتە ڕووناكی بۆ نەتەوەكان،
تاكو ڕزگاری بەوپەڕی زەوی بگەیەنیت.﴾".

له ڕۆما ١ :١٦ پۆڵس دەڵێت: "مزگێنی هێزی خودایە بۆ ڕزگاریی هەر كەسێک باوەڕ بهێنێت: سەرەتا بۆ جولەكە، پاشان بۆ نەتەوەكان." دوای تەواوبوونی كاری مەسیح لەسەر خاچ، هێشتا تەنها یەک ڕەگەزی هەڵبژێردراو هەیە، كە لە هەموو باوەڕداران بە مەسیح پێكدێت، گرنگ نییە بە سروشت سەر بە كام ڕەگەز یان نەتەوە بن. ئەو جیاوازییانەی كە سەردەمی پەیمانی كۆنیاندا هەبوو لابرا.

ئەمە بە ڕوونی لەم دەقەنای كتێبی پیرۆزانەدا بەدی دەكرێت: ڕۆما ١٠ :١٢؛ گەلاتیا ٣ :٧-٩، ٢٦-٢٩؛ ئەفەسۆس ٢ :١٤-١٦، ١٩؛ كۆلۆسی ٣ :١١؛ ١ پەترۆس ٢ :٩؛ ئاشكراكردن ٥ :٩؛ ٧ :٩ و ٢٢ :١٧.

## د. مەبەستی ئینجیل بە گوێرەی نوسینی مەتا

مەبەستی ئینجیل بە گوێرەی نوسینی مەتا ئەوە بوو كە جولەكەكان باوەڕ بە مەسیح بهێنن و بەهێز بن لە باوەڕەكەیاندا٤. مەتا چاوەڕوانی نەتەوەپەرستانەی جولەكەكان لە سەردەمی مەسیحدا ڕەد دەكاتەوە، واتە ئەوەی كە مەسیح هەموو دوژمنە زەمینییەكانیان دەشكێنێت و پاشایەتییەكی زەمینی لە جیهاندا دادەمەزرێنێت كە جولەكەكان فەرمانڕەوایەكانی دەبن. لە بری ئەوە، جەخت لەوە دەكاتەوە كە مەسیح، هەموو دەسەڵاتێكی لە ئاسمان و لەسەر زەوی پێدراوە و پاشایەتییەكی سیاسی لەسەر زەوی دانامەزرێنێت، بەڵكو ئێستا پاشایەتی خودا لە دڵ و ژیانی مەسیحییەكاندا دادەمەزرێنێت و دوای هاتنەوەی دووەمی، پاشایەتی خودا لەسەر هەموو زەوی دادەمەزرێنێت.
مەتا هەروەها پیشانی دەدات كە چۆن مەسیح پێشبینییەكانی پەیمانی كۆنی بەدیهێناوە و بەم شێوەیەش ئەو مەسیحەیە كە ماوەیەكی زۆر چاوەڕوان دەكرا. بە گوێرەی ڕێنمایی خودا، دەستبەجێ دوای كتێبە پێشبینییەكانی پەیمانی كۆن, پەیمانی نوێ بە ئینجیل بە گوێرەی نوسینی مەتا دەست پێدەكات، كە پیشانی دەدات چۆن ئەم پێشبینیانە لە عیسای مەسیحدا بەدیهاتوون.

- له هاوئاهەنگیدا لەگەڵ ئەو یاسایەی كە لە ڕۆما ١ :١٦ دا باس كراوە، "سەرەتا بۆ جولەكە، (پاشان بۆ نەتەوەكان)"، و ئەو فەرمانەی كە لە كردار ١ :٨ دا باس كراوە، "شایەتی من دەبن لە ئۆرشەلیم و لە هەموو یەهودا... (و هەتا ئەوپەڕی زەوی)"، ئینجیل بە گوێرەی نوسینی مەتا بە تایبەتی ئەو ئینجیلەیە كە بۆ جولەكەكان ئاراستە كراوە.
- له بەرامبەردا، ئینجیلی مەرقۆس بە تایبەتی بۆ ڕۆمانییەكان نووسراوە.
- ئینجیلی لوقا بە تایبەتی بۆ یۆنانییەكان نووسراوە.
- هەرچەندە هەر سێ ئینجیلەكە عیسای مەسیح وەک تاكە ڕزگاركەری گوناهباران پیشان دەدەن، ئینجیلی یۆحەنا جەخت لەسەر ئەو ڕاستییە دەكاتەوە كە عیسای مەسیح ڕزگاركەری خەڵكە لە هەموو نەتەوەیەكی جیهان. بۆیە زۆر ڕاستە ئەوەی پۆڵس لە ڕۆما ١ :١٦ دا دەینووسێت: "مزگێنی هێزی خودایە بۆ ڕزگاریی هەر كەسێک باوەڕ بهێنێت؛ سەرەتا بۆ جولەكە، پاشان بۆ نەتەوەكان."

## ه. دابەشكردنی مەتا، مەرقۆس و لوقا بەراورد بە یۆحەنا

سێ ئینجیلی یەكەم، مەتا، مەرقۆس و لوقا (ئینجیلە سینۆپتیكییەكان) دەتوانرێن بە سێ بەش دابەش بكرێن بەم شێوەیە:

### ١. پێشەكی بۆ عیسای مەسیح

أ. مەتا ١:١ تا ٤ :١١، مەرقۆس ١:١-١٣؛ لوقا ١:١ تا ٤ :١٣.
ئامادەكاری و ناساندنی گشتی (دەستپێكردنی كاری فەرمی) عیسای مەسیح.

ب. یۆحەنا ١:١-١٤. ئامادەکاری مەسیح لە ئەزەلەوە دەست پێدەکات.
یۆحەنا ١:١٥ تا ٢:١٢. ناساندنی گشتی عیسا.

### ٢. خزمەتی عیسای مەسیح

أ. سێ ئینجیلە سینۆپتیکییەکان دوو بەشیان هەیە:

مەتا ٤ :١٢ تا ١٥ :٢٠، لە مەرقۆس ١ :١٤ تا ٧ :٢٣ و لە لوقا ٤ :١٤ تا ٩ :١٧.
خزمەتی **گشتی** عیسا بۆ خەڵکەکە. ئەمە بەم ناوە ناسراوە:
خزمەتە جەلیلیە گەورەکەی مەسیح.

مەتا ١٥ :٢١ تا ٢٠ :٣٤، لە مەرقۆس ٧ :٢٤ تا ١٠ :٥٢ و لە لوقا ٩ :١٨ تا ١٩ :٢٧.
خزمەتی **تایبەتی** مەسیح بۆ قوتابییەکانی. ئەمە لەمانە پێکدێت:
- خزمەتی خۆپاراستنی مەسیح
- خزمەتی دواتری مەسیح لە یەهودا
- خزمەتی مەسیح لە دەورووبەری ڕوباری ئووردن

ب. لە ئینجیلی یۆحەناوە، خزمەتی **گشتی** عیسا لە پێنج بەشدا تۆمار کراوە:

یۆحەنا ٢ :١٣ تا ٤ :٤٢. خزمەتی سەرەتایی یەهودا.
یۆحەنا ٤ :٤٣ تا ٦ :٧١. خزمەتی جەلیل.
یۆحەنا ٧ :١ تا ١٠ :٣٩. خزمەتی دواتری یەهودا.
یۆحەنا ١٠ :٤٠ تا ١٢ :١١. خزمەتی دەورووبەری ڕوباری ئووردن.
یۆحەنا ١٢:١٢-٥٠. هەفتەی ئازار لە ئۆرشەلیم.

### ٣. مردن و هەستانەوەی عیسای مەسیح

أ. مەتا ٢١ :١ تا ٢٨ :٢٠، مەرقۆس ١١ :١ تا ١٦ :٢٠؛ لوقا ١٩ :٢٨ تا ٢٤ :٥٣.
هەفتەی ئازار و هەستانەوە.

ب. یۆحەنا بەشی ١٣-٢١. **خزمەتی تایبەتی مەسیح**.
نێردراو یۆحەنا نزیکەی ١٠ بەشی تەرخان کرد بۆ هەفتەی ئازار و هەستانەوەی مەسیح.

پەراوێزەکان:

[4] و موسڵمانان کە زۆرترین کاریگەرییان لە جولەکەکانەوە وەرگرتووە. تێبینی لێکچوونەکە بکە لە نێوان یاسای جولەکەکان و یاسای ئیسلامیدا. ١. جولەکەکان باوەڕیان بە یەک خودا هەیە (دواوتار ٦ :٤) و پێغەمبەر ئیسلام وەک یەکەم عەرەب ئەم باوەڕەی شوێنکەوت. ٢. جولەکەکان ٣ جار لە ڕۆژدا نوێژ دەکەن (دانیاڵ ٦ :١٠) و محەمەد نوێژی گۆڕی بۆ ٥ جار لە ڕۆژدا. ٣. جولەکەکان لە چەند مانگێکدا ڕۆژوو دەگرن (زەکەریا ٨ :١٩) یان دوو جار لە هەفتەیەکدا (لوقا ١٨ :١٢) و موسڵمانان مانگێکی تەواو لە ڕەمەزاندا ڕۆژوو دەگرن. ٤. جولەکەکان یەک لە دەیەک دەدەنە کاری خودا (لێڤییەکان ٢٦ :٣٠-٣٣) و موسڵمانان یەک لە چلەکان وەک زەکات دەدەن. ٥. جولەکەکان ساڵانە سێ جار بە ناچاری دەچنە گەشتی ئۆرشەلیم (دواوتار ١٦:١٦) و موسڵمانان جارێک لە ژیانیاندا بۆ حەج دەچنە مەککە ئەگەر بتوانن.

## و. بابەت و دابەشکردنی ئینجیل بە گوێرەی نوسینی مەتا

بابەت: "مەسیح پێغەمبەرە گەورەکەیە."
بە وردتر، ئینجیل بە گوێرەی نوسینی مەتا دەکرێت بەسەر هەشت بەشدا دابەش بکرێت. ئەمە ئەو دوو بەشەش دەگرێتەوە کە تەنیا لە ئینجیلی یۆحەنادا هەن، بەم شێوەیە:

### ١. ئامادەکاری مەسیح (٥ پێش زایین)

**مەتا ١ و ٢. لە سێ بەش پێکدێت:**
مەتا

- مەتا ١:١-١٧. ڕەچەڵەکی مەسیح.
لە لوقا ٣ ڕەچەڵەکێکی تر هەیە. مەتا ڕەچەڵەکی یووسف دەخاتەڕوو. بۆیە مەسیح میراتگری تەختی داودە. لوقا ڕەچەڵەکی مەریەم دەخاتەڕوو. بۆیە مەسیح بەپێی سروشتی مرۆڤانەی نەوەی داودە.
- مەتا ١ :١٨-٢٥. لە دایکبوونی سەرسوڕهێنەری مەسیح.
مەتا ١ :٢٠ دەڵێت: "ئەوەی سکی پێی هەیە لە ڕۆحی پیرۆزە."

- مەتا بەشی ٢. لەدایکبوونی مەسیح.
لە بێتلەحەمدا لە نزیکەی ساڵی ٥ پێش زایینی لەدایک دەبێت و مۆغەکان لە ڕۆژهەڵاتەوە دێن و کڕنۆشی بۆ دەبەن. لە چەوسانەوەی هێرۆدس پاشا هەڵدێت بۆ میسر و دواتر لە ناسیرەی جەلیلدا نیشتەجێ دەبێت.

## ٢. دەستپێکردنی کاری فەرمی مەسیح (٢٦ی دیسەمبەر – ٢٧ی ئاپریل)

**مەتا ٣ :١ تا ٤ :١١.**

ئەم ڕووداوانە لە نێوان دەیسەمبەری ساڵی ٢٦ زایینی و ئاپریلی ساڵی ٢٧ زایینی ڕوویاندا. واتە نزیکەی ٤ مانگ. لە دوو بەش پێکدێت:

- مەتا بەشی ٣. لەئاوهەڵکێشانی مەسیح.
یەحیای لەئاوهەڵکێش ڕاگەیەنەری عیسای مەسیحە. خزمەتی ئەو ئامادەکردنی ڕێگایە بۆ مەسیح لە ڕێگەی ووتاردان و لەئاوهەڵکێشان.
- مەتا بەشی ٤. سەرکەوتنی مەسیح بەسەر شەیتاندا لە تاقیکردنەوەکانیدا.

## ٣. خزمەتی سەرەتایی یەهودای عیسا (تەنها لە یۆحەنا)(ئاپریل – دەسەمبەری ٢٧)

ئەمە لە مەتادا باس نەکراوە بەڵکو تەنها لە یۆحەنا ٢:١٣ تا ٤:٤٧. ئەم ڕووداوانە لە ئاپریل تا دەسەمبەری ساڵی ٢٧ زایینی ڕوویاندا. واتە نزیکەی ٨ مانگ.

## ٤. خزمەتی گەورەی جەلیلی عیسا (دەسەمبەری ٢٧ – ئاپریلی ٢٩)

**مەتا ٤ :١٢ تا ١٥ :٢٠.**

ئەم ڕووداوانە لە نێوان دیسەمبەری ساڵی ٢٧ زایینی و ئاپریلی ساڵی ٢٩ زایینی ڕوویاندا. واتە نزیکەی ١٦ مانگ. لە حەوت بەش پێکدێت:

- مەتا ٤ :١١ تا ٧ :٢٩. مەسیح مزگێنی پاشایەتی خودا ڕادەگەیەنێت.
یەکەم قوتابییەکانی بانگدەکات، فێردەکات، مزگێنی دەدات و خەڵک چاک دەکاتەوە.
یەکەم وتار، کە بە وتاری سەر شاخ ناودەبرێت. مەسیح فێرکردنەکانی کورت دەکاتەوە.

- مەتا بەشی ٨ و ٩. مەسیح پەرجووەکانی پاشایەتی ئەنجام دەدات.
ئەو کۆنترۆڵی دنیای نەخۆشی و کەمئەندامی، هێزەکانی سروشت، دنیای ڕۆحە خراپەکان و دنیای مردووەکان دەکات

- مەتا بەشی ١٠. مەسیح بانگهێشت و ڕێنمایی و ناردنی نوێنەرانی پاشایەتی دەکات.
ئەو دوازدە قوتابی هەڵدەبژێرێت و دەیانکات بە نێردراو.
دووەم وتار. مەسیح ڕێنمایی قوتابییەکانی دەکات.

- مەتا بەشی ١١ و ١٢. مەسیح ستایشی یەحیای لەئاوهەڵکێش دەکات و دوژمنانی مەحکووم دەکات.
ستایشی یەحیای لەئاوهەڵکێش وەک ڕاگەیەنەری پاشایەتی دەکات و شارە گوناهبارەکان و فەریسییەکان مەحکووم دەکات.

- مەتا بەشی ١٣. مەسیح نموونەکانی پاشایەتی دەگێڕێتەوە.
سێیەم وتار. نموونەکانی پاشایەتی.
لە نموونەی چێنەر فێر دەکات کە چۆن (پەیامی) پاشایەتی خودا وەردەگیرێت. لە نموونەی دەنکی خەردەل و نموونەی هەویرترش فێر دەکات کە چۆن پاشایەتی هەم لە دەرەوە و هەم لە ناوەوە گەشە دەکات. لە نموونەی گەنجینەی شاراوە و نموونەی مرواری فێر دەکات کە پاشایەتی چەند بەنرخە. لە نموونەی گیای زیران و نموونەی تۆڕ فێر دەکات کە چۆن پاشایەتی لە شێوەی ئێستاییدا تێکەڵە و چۆن

له دادوەری کۆتاییدا، عیسای مەسیح هەموو ئەوانەی کە بوونە هۆی گوناه و هەموو ئەوانەی خراپە دەکەن لە پاشایەتی خۆی دەردەکات (١٣ :٤١).

- مەتا بەشی ١٤. مەسیح خۆی دەکشێنێتەوە بۆ شوێنی تەنها و خزمەتەکەی بەردەوام دەبێت.
دوای ڕەتکردنەوەی وەک پێغەمبەر لە شارۆچکەکەی خۆیدا و کوشتنی یەحیای لەئاوهەڵکێش لەلایەن هێرۆدسەوە، مەسیح دەچێتە شوێنێکی تەنها. خەڵکەکە دوای دەکەون و پەرجووی زیاتری پاشایەتی ئەنجام دەدات.

**• مەتا ١٥ :١-٢٠. مەسیح دەسەڵاتی کتێبی پیرۆز بەسەر نەریتە مرۆڤییەکاندا پشتڕاست دەکاتەوە.
فەریسییەکان وەک سەرکردەی ئایینی کوێر ناو دەبات کە خەڵک نابێت شوێنیان بکەون.

## ٥. خزمەتی مەسیح (ئاپریل – ئۆکتۆبەری ٢٩)

**مەتا ١٥ :٢١ تا ١٨ :٣٥.**

ئەم ڕووداوانە لە ئاپریل تا ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٩ زایینی ڕوویاندا. واتە نزیکەی ٦ مانگ. لە سێ بەش پێکدێت:

- مەتا ١٥ :٢١ تا ١٦ :١٢. مەسیح ڕاهێنان بە قوتابییەکانی دەکات و فێریان دەکات.
قوتابییەکان دەیانویست مەسیح ژنە کەنعانییەکە دووربخاتەوە. عیسا بە چارەسەرکردنی کچەکەیان، مامەڵە لەگەڵ کەمی خۆشەویستییان دەکات.

قوتابییەکان پێیان وابوو کارێکی مەحاڵە کە جەماوەرێکی برسیی شوێنکەوتووانی عیسا تێر بکرێن. عیسا بە تێرکردنی چوار هەزار پیاو، بێجگە لە ژنان و منداڵان، مامەڵە لەگەڵ ژماردنە ساردەکەیان دەکات.
قوتابییەکان لە هۆشدارییەکەی عیسا تێنەگەیشتن سەبارەت بە هەویری سەرکردە ئایینیە جوولەکەکان کە بەدوای نیشانەدا دەگەڕان. مەسیح بە ڕوونکردنەوەی ئەوەی کە ئەو هۆشدارییان دەداتێ لەبارەی فێرکردنی فەریسییەکان و سەدوقییەکانەوە، مامەڵە لەگەڵ کوێرییەکەیان دەکات.

- مەتا ١٦ :١٣ تا ١٧ :٢٧. مەسیح وانەی خاچ بە قوتابییەکانی فێر دەکات.
مەسیح فێری قوتابییەکانی دەکات کە پێویستە لەسەر خاچ بمرێت. ڕوونی دەکاتەوە کە دەبێت بچێتە ئۆرشەلیم و لە دەستی پیران و سەرۆک کاهینان و مامۆستایانی تەورات زۆر ئازار بچێژێت، و دەبێت بکوژرێت و لە ڕۆژی سێیەم زیندوو ببێتەوە (١٦ :٢١).
هەروەها فێر دەکات کە پێویستە قوتابییەکانی خاچی خۆیان هەڵبگرن و دوای بکەون. دەفەرمووێت: "ئەگەر کەسێک بیەوێت دوام بکەوێت، دەبێت نکۆڵی لە خۆی بکات و خاچەکەی هەڵبگرێت و دوام بکەوێت" (١٦ :٢٤). لە کاتی گۆڕینی شێوەدا، مەسیح فێری قوتابییەکانی دەکات ئەو شکۆمەندییەی کە خاچ دەگەیەنێتە پێی. دەرکەوتنی موسا و ئیلیاس سەلماندنی ئەوەیە کە مەسیح تەواوکاری تەورات و بەدیهێنەری پێشبینی پێغەمبەرانی پەیمانی کۆنە.

- مەتا بەشی ١٨. مەسیح هەڵوێستەکانی پاشایەتی فێری قوتابییەکانی دەکات.
چوارەم وتار. بەرەکەتەکانی پاشایەتی.
تەنها بۆ ئەو کەسانەیە کە هەڵوێستی منداڵانەیان و ڕۆحی لێخۆشبوونیان هەیە. پاشایەتی خودا تەنها دەتوانرێت بە بێفیزی، متمانە و ملکەچبوون لە پەیوەندیدا لەگەڵ خودا و بە ڕۆحێکی بەردەوامی لێخۆشبوون و بەزەیی لە پەیوەندیدا لەگەڵ خەڵکدا بچرێتە ناوی.

## ٦. خزمەتی دواتری یەهودایی عیسا (تەنها لە یۆحەنا) (ئۆکتۆبەر – دیسێمبەری٢٩)

ئەمە لە مەتادا باس نەکراوە بەڵکو تەنها لە یۆحەنا ٧ :١ تا ١٠ :٣٩.
ئەم ڕووداوانە لە ئۆکتۆبەر تا دەسەمبەری ساڵی ٢٩ زایینی ڕوویاندا. واتە نزیکەی ٢ مانگ.

## ٧. خزمەتی مەسیح لە دەوروبەری ڕووباری ئوردن (دەسەمبەری ٢٩ – ئاپریلی ٣٠) لەگەڵ چەند گەشتێک لە گەڕانەوە بۆ یەهودا

**مەتا ١٩ :١ تا ٢٠ :٣٤.**

ئەم ڕووداوانە لە نێوان دیسەمبەری ساڵی ٢٩ زایینی و ئاپریلی ساڵی ٣٠ زایینی ڕوویاندا. واتە نزیکەی ٤ مانگ. لە سێ بەش پێکدێت:

- مەتا ١٩ :١-١٤. عیسا دەربارەی هاوسەرگیری، تەڵاق و ژیانی ڕەبەنی فێر دەکات.

و دەربارەی گرنگی ڕێنماییکردنی منداڵان بۆ لای مەسیح.

- مەتا ١٩ :١٦ تا ٢٠ :١٦. مەسیح فێر دەکات کە چوونە ناو پاشایەتی تەنها لە ڕێگەی نیعمەتی خوداوە بە دەست دێت.
فەرمانڕەوا گەنجە دەوڵەمەندەکە پێی وابوو کە مرۆڤ دەتوانێت بە ئەنجامدانی کاری باش ڕزگاری بێت، بەڵام مەسیح فێری کرد کە ڕزگاری بە ئەنجامدانی کاری باش وەک چوونی وشتر بە کونی دەرزییەوە مەحاڵە! بەڵام ڕزگاری لە سەرەتاوە تا کۆتایی تەنها لەگەڵ خودادا دەکرێت (١٩ :٢٦).

لە نموونەی کرێکارەکانی ڕەزمەێودا، عیسا فێر دەکات کە خودا بە سەروەرانە وەک خۆی دەیەوێت مامەڵە لەگەڵ خەڵک دەکات. ئەمە واتای ئەوە نییە کە خودا سەرلەشێواوە، بەڵکو واتە خودا بە سەروەرانە بەپێی پلانی هەتاهەتایی خۆی و لە هاوئاهەنگی تەواودا لەگەڵ تایبەتمەندییە خوداییەکانی وەک پیرۆزی و خۆشەویستی مامەڵە لەگەڵ خەڵکیدا دەکات!

- مەتا ١٧:٢٠-٣٤. مەسیح دووبارە پێشبینی مردنی داهاتووی خۆی و واتاکەی دەکات.
دەفەرموێت: “کوڕی مرۆڤ نەهات بۆ ئەوەی خزمەتی بکرێت، بەڵکو بۆ ئەوەی خزمەت بکات و ژیانی خۆی بدات وەک کەفارەت بۆ زۆر کەس.”ئەو فێرمان دەکات کە مردنەکەی قوربانییەک بووە، ڕاستودروستەکە لە جێگەی ناڕاستودروستەکان مردووە. و ئەو پێشبینییەکەی ئیشایا ٥٣ :١٢ بەدی دەهێنێت کە "ئەو گوناهی زۆر کەس هەڵدەگرێت". مردنی عیسای مەسیح کەفارەتێکی خۆبەخشانە، جێگرەوە بوو.

## ٨. مردن و هەستانەوەی مەسیح (ئاپریل – مایی ٣٠)

مەتا بەشی ٢١ تا ٢٨.
ئەم ڕووداوانە لە ئاپریل و مایی ساڵی ٣٠ زایینی ڕوویاندا. واتە حەوت هەفتە. لە حەوت بەش پێکدێت:

- مەتا ٢١ :١ تا ٢٢ :١٤. مەسیح بەرەوڕووی دژایەتی سەرکردە ئایینییە درۆزنەکان دەبێتەوە.
لە یەکشەممەی هەفتەی ئازاردا، چوونەناوەوەی سەرکەوتووانەی بۆ ئۆرشەلیم لەلایەن خەڵکەکەوە بە هەڵە لێکدەدرێتەوە. لە دووشەممەی هەفتەی ئازاردا، پەرستگا پاک دەکاتەوە و نەفرەت لە دار هەنجیرەکە دەکات. لە سێشەممەی هەفتەی ئازاردا، ڕوونی دەکاتەوە کە نەفرەتکردنی لە دار هەنجیرە بێبەرهەمەکە پێشبینی ئەوەیە کە پاشایەتی خودا لە سەرۆک کاهینان و فەریسییەکان دەسەندرێتەوە و دەدرێتە خەڵکێکی تر کە بەروبوومی دەهێنێت (٢١ :٤٣). دەسەڵاتی بۆ پاککردنەوەی پەرستگا لەلایەن سەرکردە ئایینییەکانەوە دەخەێتە ژێر پرسیارەوە. سێ نموونە دەگێڕێتەوە دەربارەی ئەوانەی کە دەچنە ناو پاشایەتی خودا و ئەمانە دژایەتی سەرکردە ئایینییەکان توندتر دەکەن.

- مەتا ٢٢ :١٥-٤٦. مەسیح پرسیارەکانی سەرکردە ئایینییە درۆزنەکان ڕەد دەکاتەوە.
ئەو پیلانەکەیان دەشکێنێت بۆ ئەوەی لە قسەکانیدا دەربارەی باج و سیاسەت گیرۆدەی بکەن. هۆی ڕاستەقینە ئاشکرا دەکات کە بۆچی فێرکردنی هەڵە فێر دەکەن، چونکە کتێبی پیرۆز یان سروشتی ڕاستەقینەی خودا نازانن (٢٢ :٢٩). ئارگیومێنتە مووکێشە وردبینەکانیان دەربارەی یاسا بێدەنگ دەکات بە ئاماژەدان بە ئەوەی کە هەموو تەورات و نوسینی پێغەمبەران لە سەر دوو فەرمان کە خۆشویستنی خودا و خۆشویستنی نزیکەکەت وەک خۆت، بنیاد نراون. بە بەکارهێنانی کتێبی پیرۆز، ناچاریان دەکات بیربکەنەوە دەربارەی سروشتی ڕاستەقینەی مەسیح.

- مەتا بەشی ٢٣. مەسیح دووڕوویی سەرکردە ئایینییە درۆزنەکان مەحکووم دەکات.
پێنجەم وتار. مەسیح حەوت “قوڕ بەسەرتان” بەسەر سەرکردە ئایینییەکاندا دەڵێت.
شیوەنێکی پێشبینیکارانە بەسەر شاری توبەنەکراوی ئۆرشەلیمدا دەکات.

- مەتا بەشی ٢٤ و ٢٥. مەسیح پێشبینی وێرانبوونی داهاتووی ئۆرشەلیم دەکات، تەنگژەیەکی گەورە و هاتنەوەی دووەمی.
شەشەم وتار. هاتنەوەی دووەم.
فێر دەکات کە لەناوچوونی ئۆرشەلیم نموونە یان نیشانەیە بۆ ڕووداوەکانی ڕۆژانی کۆتایی پێش هاتنەوەی دووەمی. هاتنەوەی دووەمی لەسەر هەورەکان بە هێز و شکۆمەندی گەورە و بە فریشتەی زۆر کە هەڵبژێردراوان لە هەموو وڵاتێکی جیهان کۆدەکەنەوە، باس دەکات (٢٤ :٣٠-٣١). دادوەری کۆتایی باس دەکات کە لێی هەموو خەڵکی جیهان لەسەر بنەمای پەیوەندییان بە عیسای مەسیحەوە دادوەری دەکرێن.

خەڵکە نەفرەت لێکراوەکان ئەوانەن کە سەرنج نەدانە ئەوەی مەسیح فەرمانی داوە و باوەڕیان بە مەسیح نەهێناوە. دەدرێنە سزای هەتاهەتایی لە ئاگری هەتاهەتاییدا کە بۆ شەیتان و هەموو ڕۆحە پیسەکانی ئامادە کراوە (٢٥ :٤١، ٤٦).

خەڵکی بەرەکەتدار لەلایەن خودای باوکەوە لە سەرەتای دروستکردنەوە و باوەڕیان بە مەسیح هێناوە لە چاوی خودا ڕاستودروستن. ژیانی هەتاهەتایی لە پاشایەتی خودادا وەردەگرن کە لە ئاسمانی نوێ و زەوی نوێدا دەرکەوتووە (٢٥ :٣٤، ٤٦).

مەسیح نموونەی دە کچە پاکیزە و نموونەی بەهرەکان دەگێڕێتەوە بۆ ئەوەی قوتابییەکانی بەئاگا بێن.

- مەتا بەشی ٢٦. مەسیح خیانەتی لێدەکرێت، دەگیردرێت، لەلایەن دەسەڵاتە ئایینییەکانی جولەکەکانەوە دادوەری دەکرێت و نکۆڵی لێدەکرێت.
لە چوارشەممەی هەفتەی ئازاردا، دوژمنەکانی پیلانی مردنی دادەڕێژن و یەکێک لە قوتابییەکانی، یەهودا، ڕازی دەبێت لە بەرامبەر پارەدا خیانەتی لێبکات. لە پێنجشەممەی هەفتەی ئازاردا، مەسیح جەژنی پەسخە لەگەڵ قوتابییەکانیدا ئاهەنگ دەگرێت و نانی یەزدانی دادەمەزرێنێت. لە هەینی هەفتەی ئازاردا تەنها دوای نیوەشەوی پێنجشەممە، مەسیح لە باخچەی گەتسیمانیدا نوێژ دەکات. پاشان یەهوزا خیانەتی پێدەکات و لەلایەن پاسەوانەکانی پەرستگاوە دەگیردرێت. لە شەودا، بە نۆرە لەلایەن حەنان، کەسی هێزمەندترین لە سەنهێدرین، و لەلایەن قەیافا، سەرۆک کاهینی ئەو ساڵەوە دادوەری دەکرێت. پەترۆس سێ جار نکۆڵی لە لێدەکات دەکات. تەنها دوای بەیانی٥، مەسیح لەلایەن هەموو سەنهێدرینەوە دادوەری دەکرێت و حوکمی مردنی بەسەردا دەسەپێنرێت.

- مەتا بەشی ٢٧. مەسیح لەلایەن دەسەڵاتە مەدەنییە ڕۆمانییەکانەوە دادوەری دەکرێت، گاڵتەی پێدەکرێت، لەسەر خاچ دەدرێت و دەنێژرێت.
لەبەرئەوەی سەنهێدرینی جولەکەکان دەسەڵاتی جێبەجێکردنی حوکمی مردنیان نەبوو، مەسیحیان بردە لای دەسەڵاتە ڕۆمانییەکان. بەیانی زوو لە هەینی هەفتەی ئازاردا، عیسا بە نۆرە لەلایەن پیلاتۆسی فەرمانڕەوای ڕۆمانی، لەلایەن هێرۆدسی پاشا و دیسانەوە لەلایەن پیلاتۆسەوە دادوەری دەکرێت، کە دایە دەستی ئەوانی کە لەسەر خاچی دەدەن. عیسا لە کاتژمێر ٠٩:٠٠ ٦ لەسەر خاچ دەدرێت. نزیکەی کاتژمێر ١٥:٠٠ ٧ مرد. یووسفی ڕامە بە یارمەتی نیقودیمۆس مەسیحیان پێش کاتژمێر ١٨:٠٠ ٨ لە گۆڕێکی نوێ لە باخچەی خۆیدا نێژرا. لە شەممەی هەفتەی ئازاردا، سەرۆک کاهینان، کە سەدووقی بوون، و فەریسییەکان ڕێکیان خست پاسەوان لە دەرەوەی گۆڕەکە دابنرێت.

مەتا بەشی ٢٨. مەسیح زیندوو دەبێتەوە و بۆ قوتابییەکانی دەردەکەوێت.
لە یەکشەممەدا، یەکەم ڕۆژی هەفتەی نوێ، زۆر بەیانی زوو٩، مەسیح زیندوو بووەوە! بە هەستانەوەی، مەسیح سەرکەوت بەسەر سەرکردە ئایینییە درۆزنەکاندا، بەڵام ئەوان ڕەشوەیان دا بە پاسەوانەکان تاکو دەنگۆیەکی درۆ بڵاوبکەنەوە کە گوایا لاشەکەی لەلایەن قوتابییەکانییەوە دزرا. ئەم دەنگۆیە شکستی هێنا، چونکە مەسیح لە ماوەی چل ڕۆژ بۆ زۆر کەس دەرکەوت. لە یەکێک لەم دەرکەوتنانەدا بۆ قوتابییەکانی لەسەر شاخێک لە جەلیل دەرکەوت، مەسیح ئەرکە گەورەکەی پێدان، بڕۆن و هەموو نەتەوەکانی جیهان بکەنە قوتابی.

## ز. مەتا فێری ئەوە دەکات کە مەسیح پێغەمبەری گەورەیە

**(مەبەست لە پێغەمبەر لێرەدا ئەوەیە لە مەسیح ڕاگەیەنەری پەیامی خودایە)**

### ١. عیسا پێغەمبەری پەیمانی کۆن بوو و پێشبینییە مەسیحانەکانی پەیمانی کۆنی جێبەجێ کرد

١ پەترۆس ١ :١٠-١١ دەڵێت کە 'ڕۆحی مەسیح' لە پێغەمبەرەکانی پەیمانی کۆندا ئاماژە و پێشبینی دەکرد دەربارەی ئازار و شکۆمەندییەکانی مەسیحی بە لێنپێدراو ئەوەی کە بڕیار بوو بێت، واتە عیسای مەسیح! بۆیە خودی عیسای مەسیح پێغەمبەری هەتاهەتایی بوو کە لە ڕێگەی پێغەمبەرەکانی پەیمانی کۆنەوە پێشبینی دەکرد! مەتا دەڕوانێتەوە دواوە و پیشاندانی دەدات کە عیسای مەسیح، کە وەک مرۆڤێک لەسەر زەوی ژیا، مەسیحی بە لێنپێدراوە و ڕووداوە سەرەکییەکانی ژیانی لە جێبەجێکردنی پێشبینییەکانی پەیمانی کۆندا ڕوویدا. زیاتر لە چل جار مەتا دەڵێت: "ئەوەی لە ڕێگەی پێغەمبەرەوە گوترا... جێبەجێ بوو" (٢ :١٧).

بۆ نموونە، وردەکارییەکی زۆری پێشبینییەکان دەربارەی ئازار، مردن و نێژرانی لە گۆڕدا جێبەجێ بوون و بە دیهاتن. زەکەریا ١١ پێشبینی کرد کە بە سی پارچە زیو دەفرۆشرێت. زەبووری ٤١ پێشبینی کرد کە یەکێک لە هاوڕێیەکانی خیانەتی لێدەکات. زەکەریا ١٣ پێشبینی کرد کە قوتابییەکانی پەرشو بڵاو دەبنەوە. دەربارەی لەخاچدانی، زەبووری ٢٢ پێشبینی کرد کە خەڵک زراوە و سرکە پێشکەش بە مەسیح دەکەن بۆ خواردنەوە؛ جلوبەرگەکانی بە تیروپشک دابەش دەکەن؛ و ڕێبواران سەریان دەلەقێنن و سووکایەتی پێدەکەن، ئاڵنگاری دەکەن کە خۆی ڕزگار بکات و تەنانەت ئاڵنگاری خودا دەکەن کە لە خاچەکەوە ڕزگاری بکات. عامۆس ٨ پێشبینی کرد کە سێ کاتژمێر دوانیوەڕۆوە تاریک لە دەبێت. زەبووری ٢٢ پێشبینی کرد کە مەسیح هاوار دەکات "خودای من، خودای من، بۆچی وازت لێم هێناوم؟" ئیشایا ٥٣ پێشبینی کرد کە مەسحح لە گۆڕی پیاوێکی دەوڵەمەند دەنێژرێت. و یوونس ٢ پێشبینی کرد کە سێ ڕۆژ مردوو دەبێت.

### ٢. عیسا پێغەمبەری پەیمانی نوێ بوو وە ئەو پێشبینیانەی کە لە کاتی ژیانی لەسەر زەوی کردی بە دیهێنان و جێبەجێ کردن.

لە دەرچوون ١٨ :١٥-١٩، موسا پێشبینی کرد: "یەزدانی پەروەردگارتان پێغەمبەرێک وەک من لەنێو خەڵکی خۆتانەوە بۆ ئێوە دیاری دەکات ( لە ناو گەلی ئیسرائیل)؛ دەبێت گوێ لە هەموو ئەوە بگرن کە پێتان دەڵێت. هەر کەسێک گوێی لێ نەگرێت، بە تەواوی لەنێو خەڵکەکەی دەبڕێتەوە".١٠. لە مەتا ١٧ :٥ خودی خودا فەرمووی کە عیسای مەسیح ئەو پێغەمبەرەیە و هەموو خەڵک دەبێت گوێی لێ بگرن! بۆیە خودی عیسای مەسیح هێشتا پێغەمبەری هەتاهەتاییە کە وشەکانی خودا ڕادەگەیەنێت و لە پەیمانی نوێدا پێشبینی دەکات!

مەتا هەروەها دەروانێتە پێشەوە و باس دەکات کە چۆن مەسیح وەک پێغەمبەر پێشبینی ئازار، مردن و هەستانەوەی خۆی دەکات. لانیکەم پێنج جار مەسیح پێشبینی ئازارەکانی داهاتووی خۆی کرد، بۆ نموونە، لە مەتا ٢٠ :١٨-١٩ دەفەرمووێت: "سەردەکەوینە ئۆرشەلیم، و کوڕی مرۆڤ دەدرێتە دەست سەرۆک کاهینان و مامۆستایانی تەورات. حوکمی مردنی دەدەن و دەیدەنە دەست نەتەوەکان بۆ ئەوەی گاڵتەی پێبکرێت و لێیبدرێت و لەسەر خاچ بدرێت. لە مەتا ٢٦ :٢ تەنانەت پێشبینی کرد کە کەی لەسەر خاچ دەدرێت. دەفەرمووێت: "وەک دەزانن، دوو ڕۆژ تر جەژنی پەسخەیە - و کوڕی مرۆڤ دەدرێتە دەست بۆ ئەوەی لەسەر خاچ بدرێت." لە ڕۆژی سێیەم زیندوو دەبێتەوە!" هەمووان دەتوانن لە مەتا ٢٦-٢٨ بخوێننەوە کە چۆن هەموو ئەمانە وەک خۆی ڕوویاندا!

### ٣. عیسا پێغەمبەری پەیمانی نوێ بوو کە پێشبینی کرد لە داهاتوودا لە جیهان چی ڕوودەدات

لە مەتا بەشی ٢٤ و ٢٥، عیسا وەک پێغەمبەر بە ڕوونی پێشبینی دەکات کە پێش کۆتایی مێژووی ئەم جیهانەی ئێستا، مزگێنی بۆ هەموو نەتەوەکانی جیهان ڕادەگەیەنرێت و مەسیحییەکان لەلایەن نامەسیحییەکانەوە دەچەوسێنرێنەوە. پێشبینی کرد کە جەنگ و کارەساتی زۆر لە جیهاندا دەبێت، تەنگژەیەکی گەورە لە کۆتاییدا کە وەک لە مێژووی جیهاندا نەبووە و زۆر مەسیحی درۆزن و پێغەمبەری درۆزن دەردەکەون کە هەوڵ دەدەن مەسیحییەکان گومڕا بکەن. پێشبینی کرد کە خۆی لە کۆتاییدا لەسەر هەورەکان بە هێز و شکۆمەندییەکی گەورەوە دەگەڕێتەوە، و هەمووان لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا هاتنەوەکەی دەبینن! پاشان هەستانەوە ل مردووان و دادوەری کۆتایی هەموو خەڵک ڕوودەدات. فریشتەکانی دەنێرێت بۆ کۆکردنەوەی هەڵبژێردراوان لە هەموو وڵاتێکی جیهان و هەموو خەڵکی جیهان لەسەر بنەمای پەیوەندییان بە عیسای مەسیحەوە و کردارەکانیان، دادوەری دەکات.

## ح. مەتا فێری ئاشکراکردنی مێژووی ڕزگاریی خودا دەکات

مەتا پیشانی دەدات کە مەسیحییەت تەنها بەشێک نییە لە ئایینی جوولەکە. پەیامی مەسیح شوێنی ئیسرائیلی پەیمانی کۆن دەگرێتەوە بە واتای ئەوەی کە ئیسرائیل لە ئاستێکی بەرزتردا بەردەوامە و گەورە دەبێت بۆ گرتنەخۆی باوەڕدارانی هەموو نەتەوەکانی تر. پاشایەتی مەسیح زۆر فراوانترە لە ئیسرائیل. مەسیح هات بۆ کەفارەتکردنی گوناهی ژمارەیەکی زۆر خەڵک لە هەموو نەتەوەکانی جیهان. بۆیە مزگێنی ئینجیل  بۆ هەموو نەتەوەکانی جیهان ڕادەگەیەنرێت.

### ١. عیسا هات بۆ جێبەجێکردنی بەڵێنەکانی خودا بە نەتەوەی سروشتی ئیسرائیل و ئاگاداریکردنی ئیسرائیل

مەتا بە ڕوونی دەست پێدەکات بە ئاماژەدان بەوەی کە عیسای مەسیح سەرەتا بۆ جولەکەکان هات بۆ ئەوەی ئەو بەڵێنانە کە خودا لە پەیمانی کۆندا بە گەلی ئیسرائیلی دا جێبەجێیان بکات. مەسیح نەهات بۆ هەڵوەشاندنەوەی تەورات و پێغەمبەران، بەڵکو بۆ تەواوکردنیان (٥ :١٧-٢٠). مەسیح یەکەمجار نێردرا بۆ مەڕە ونبووەکانی ئیسرائیل (١٥ :٢٤) و قوتابییەکانی بە ڕێنماییەکی ڕوون دەنێرێت کە نەچنە نێو نەتەوەکان یان نەچنە هیچ شارۆچکەیەکی سامیرەییەکان، بەڵکو بچنە لای مەڕە ونبووەکانی ئیسرائیل (١٠ :٥-٦). ئینجیل واتە مزگێنی یان مژدە.  مژدەکەش ئەوەیە لە مەسیحی چاوەڕوانکراو بە ڕاستی هاتووە!

بەڵام لە هەمان کاتدا، مزگێنی پاشایەتی خودا، ئاگاداریی بوو بۆ نەتەوەی ئیسرائیل، کە ئەگەر بەردەوام بن لە ڕەتکردنەوەی دڵیان لە بێباوەڕیدا، خودا لە پاشایەتی خۆی دەریاندەکات، لە کاتێکدا کە ژمارەیەکی زۆر نەتەوەکانی دیکە لە جولەکە نەین، دەیانخاتە ناو پاشایەتی خۆیەوە (٨ :١١-١٢؛ ٢١ :٤٢-٤٤).

بۆ نموونە، لە مەتا بەشی ٥-٧، مەسیح ئەو شێوازە باوانە کە جولەکەکان بۆ ڕاڤەکردنی شەریعەتی موسا بەکاریان دەهێن ڕەد دەکاتەوە .

له مەتا بەشی ٨-٩، سەرەڕای هەموو ئەو پەرچووانەی (موعجیزانەی) کە مەسیح لە ئیسرائیلدا ئەنجامیدا، سەرکردە ئایینییەکانی ئیسرائیل لە بێباوەڕی و دژایەتیاندا بەردەوام بوون. کاتێک مەسیح گوناهی کەسێکی بەخشی، بە کوفرکردن تۆمەتباریان کرد (٩ :٢-٣). کاتێک لەگەڵ باجگر و گوناهکاراندا نانی خوارد، سووکایەتییان پێکرد (٩ :١٠-١١؛ ١١ :١٩). کاتێک کچێکی مردووی زیندوو کردەوە، پێی پێکەنین (٩ :٢٣-٢٤). کاتێک ڕۆحی پیسی دەردەکرد، دەیانگوت بە هێزی شەیتان ئەو کارە دەکات (٩ :٣٢-٣٤).

له مەتا بەشی ١١، ئەو شارانەی ئیسرائیلی مەحکووم کرد کە تۆبەیان نەکرد.

مەتا بەشی ١٢-١٣ باس دەکات کە چۆن جولەکەکان لە ڕێگەی سەرکردەکانیانەوە ئایینییەکانیانەوە دڵیان ڕەق کردەوە و مەسیحیان ڕەتکردەوە. کاتێک لە شەممەدا بەزەیی بە برسیەکان نیشاندا، فەریسییەکان بێ بەزەییانە بێتاوانەکانیان مەحکووم کرد (١٢ :١-٨). کاتێک لە شەممەدا کەسێکی چاککردەوە، پلانیان دانا بیگرن و بیکوژن (١٢ : ١١-١٤). کاتێک کەسێکی کوێر و لاڵی چاککردەوە، بەوە تۆمەتبیریان کرد کە نوێنەری شەیتانە (١٢ :٢٢-٢٤). بۆیە مەسیح فەرمووی کە پێشبینییەکە ئیشایا (٦ :٩-١٠) هاتووەتە دی. ئیسرائیلییەکان گوێیان بۆ فێرکردنەکانی داخستبوو و بۆیە نەیاندەتوانی بیبیستن یان تێبگەن. چاویان لەبەردەم پەرجووەکانیدا داخستبوو و بۆیە نەیاندەتوانی گرنگییەکەی ببینن. ئیسرائیل دڵی ڕەق کردبووەوە، بۆیە دڵیان ڕەق دەکرایەوە و نەیاندەتوانی توبە بکەن (١٣ :١٣-١٥).

له مەتا بەشی ١٥، مەسیح فێڵی سەرکردە ئایینی جولەکەکان ئاشکرا دەکات کە چۆن نەریتە مرۆییەکانی خۆیان لە سەرووی وشەی خوداوە دادەنێن، مەسیح پشانی دان کە ئەوان خودا بە باتڵ دەپەرستن و ڕێبەری کوێرن کە گەلەکەیان بەرەو هەڵدێر دەبەن. مەسیح ئاگادار کردنەوە: "هەر ڕووەکێک کە باوکی ئاسمانیم نەیچاندبێت، هەڵدەکەندرێت" (١٥ :١٣).

له نموونەکانیدا لە مەتا بەشی ٢١، فێر دەکات کە باجگر و لەشفرۆشان پێش سەرۆک کاهین و پیرانی توبەنەکەری ئیسرائیل دەچنە ناو پاشایەتی خوداوە (٢١ :٣١). و پێیان دەڵێت: "پاشایەتی خودا لێتان دەسەندرێتەوە و دەدرێتە نەتەوەیەک کە بەرهەم دەدات." وەک ئەنجامێک، دەستیان کرد بە گەڕان بۆ ڕێگەیەک بۆ گرتنی.

## ٢. مەسیح هات بۆ دامەزراندنی پاشایەتی خودا لەنێو هەموو نەتەوەکانی جیهاندا

مەتا زۆر بە ڕوونی چەخت لەوە دەکاتەوە کە مەسیح تەنها بۆ جولەکەکان نەهاتووە، بەڵکو بۆ هەموو خەڵکی جیهان هاتووە. هات بۆ دامەزراندنی پاشایەتی خودا لەنێو هەموو نەتەوەکانی جیهان.

بۆ نموونە، لە مەتا بەشی ١٣، مەسیح فێر دەکات کە کێڵگەی کارەکەی هەموو جیهانە و "کوڕانی پاشایەتی" لە هەموو شوێنێکی جیهاندا دەچێنێت تا کۆتایی زەمانە کاتێک دادوەری کۆتایی ڕوودەدات (١٣ :٣٨، ٤٠).

له مەتا بەشی ٢٨، کاتێک مەسیح داواکارییەکانی تەورات و پێشبینییەکانی پەیمانی کۆنی بە مردنی کەفارەتی و هەستانەوەی جێبەجێ کرد، بە قوتابییەکانی دەڵێت کە هەموو دەسەڵات لە ئاسمان و لە هەموو شوێنێکی سەر زەوی پێدراوە. و ئەرکە گەورەکە دەداتە قوتابییەکانی: "بڕۆن و هەموو نەتەوەکان بکەنە قوتابی و... فێریان بکەن با کار بکەن بە هەموو ئەوانەی کە ڕامسپاردوون" (٢٨ :١٨-٢٠).

## ٣. مەسیح ئاشکرای دەکات کە چۆن پاشایەتی خودا بە تەواوی لە هاتنەوەی دووەمیدا تەواو دەبێت

له مەتا ١٣ :٣١-٣٤، مەسیح فێر دەکات کە لە هاتنەوەی دووەمیدا، فریشتەکانی دەنێرێت بۆ لابردنی "هەموو ئەوەی بوونەتە هۆی گوناه" و "هەموو ئەوانەی خراپە دەکەن" لە پاشایەتی خۆی لە شێوەی ئێستاییدا. لە دادوەری کۆتاییدا، خەڵکە خراپەکان فڕێدەدرێنە دۆزەخ، لە کاتێکدا کە ڕاستودروستەکان میراتی پاشایەتی لە شێوەی کۆتاییدا وەردەگرن. پاشایەتی خودا لە شێوەی کۆتاییدا ئاسمانی نوێ و زەوی نوێ دەبێت، کە لە ئاشکراکردن ٢١-٢٢ باس کراوە. هیچ شتێکی گڵاو هەرگیز ناچێتە ناوی، نە کەسێک کە کاری شەرمەزارکەر یان فریوکاری بکات. تەنها ئەو کەسانەی کە ناوەکانیان لە 'کتێبی ژیانی' مەسیحدا نووسراون دەچنە ناو پاشایەتی لە شێوەی کۆتاییدا[11].

پەراوێزەکان:

٥ مەرقۆس ١٥ :١

٦مەرقۆس ١٥ :٢٥

٧ مەتا ٢٧ :٤٥-٥٠

٨ مەرقۆس ١٥ :٤٢-٤٧؛ یۆحەنا ١٩ :٣١-٣٧

٩ یۆحەنا ٢٠ :١؛ مەتا ٢٨ :١؛ مەرقۆس ١٦ :٢

١٠ کردار ٣ :٢٢-٢٣
١١ ئاشکراکردن ٢١ :٢٧

## ت. مەتا فێری ڕاستی و گەشەکردنی پاشایەتی خودا دەکات

### ١. مەسیح وەک پاشا لە پەیمانی کۆندا

پەیمانی کۆن بە ڕوونی پێشبینی هاتنی مەسیح و پاشایەتیە هەتاهەتاییەکەی دەکات. بۆ نموونە، لە ئیشایا ٩ :٧ ئیشایا پێشبینی کرد: "گەشە سەندنی سەرۆکایەتی و ئاشتییەکەی بێ کۆتا دەبێت. لەسەر تەختی داود و لەسەر پاشایەتیەکەی پاشایەتی دەکات، دایدەمەزرێنێت و بە دادپەروەری و ڕاستودروستی پشتگیری دەکات لەو کاتەوە و بۆ هەتاهەتایە." لە دانیاڵ ٧ :١٤ دانیاڵ پێشبینی دەکات: "دەسەڵات و شکۆمەندی و پاشایەتی پێدرا؛ هەموو گەلان، نەتەوەکان و خەڵکی هەموو زمانێک کڕنۆشیان بۆ برد. دەسەڵاتی ئەو دەسەڵاتێکی هەتاهەتاییە کە بەسەرناچێت، و پاشایەتی ئەو پاشایەتییەکە کە هەرگیز لەناوناچێت." سەرەڕای ئەم پێشبینییە ڕوونانە، جولەکەکان لە سەردەمی مەسیحدا چاوەڕوانی پاشایەتییەکی نەتەوەپەرستانەی جولەکەن بوون، کە تێیدا مەسیح هەموو دوژمنە زەمینییەکانیان دەشکێنێت و پاشایەتییەکی زەمینی لە جیهاندا دادەمەزرێنێت کە جولەکەکان فەرمانڕەواکانی دەبن.

### ٢. عیسا وەک پاشا لە ئینجیل بە گوێرەی نوسینی مەتادا ( لە ئینجیلدا بە پێی نووسینی مەتا)

مەتا پیشان دەدات کە عیسای مەسیح مەسیحی بەڵێنپدراوە و هاتووە بۆ دامەزراندنی پاشایەتیەکەی! لە مەتا بەشی ٣، پێشڕەو یان ڕاگەیەنەری مەسیح، یەحیای لەئاوهەڵکێش، لەپێش ئەم فەرمانڕەوایەوە دەڕوات، وەک ئەفسەرێکی ڕۆمانی کە دەبوو لەپێش فەرمانڕەوای خۆیدا بڕوات و فەرمان بدات کە ڕێگاکان چاک بکرێنەوە کە گەورەکەی بەسەریاندا دەڕوات. بەپێی پێشبینییەکەی ئیشایا ٤٠ :٣، ئەم فەرمانڕەوایە کەسێک نییە جگە لە 'یەهوە'، خودی 'یەزدان' (٣:٣)! لە جێبەجێکردنی زەبووری ٢، مەسیح وەک 'کوڕی خودا' لەلایەن خوداوە دیاری کراوە تاوەکو میراتی هەموو نەتەوەکانی سەر زەوی وەربگرێت (٣ :١٧)١٢.

### ٣. پاشایەتی خودا لە ئینجیل بە گوێرەی نوسینی مەتادا

لە ئینجیل بە گوێرەی نوسینی مەتادا وشەی 'پاشایەتی' ٥٥ جار بەکارهاتووە و ١٣ لە ١٩ نموونەکەی باس لە پاشایەتی دەکەن.

<u>پاشایەتی خودا پاشایەتی ئاسمانە.</u>
'پاشایەتی ئاسمان' جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەم پاشایەتییە لە ئاسمانەوە دامەزراوە و لە بنەڕەتدا هەمان واتای 'پاشایەتی خودا'یە١٣. لە دانیاڵ ٢ :٤٤ پێغەمبەر دەڵێت: "لە سەردەمی ئەو پاشایانەدا، خودای ئاسمان پاشایەتییەک دامەزرێنێت کە هەرگیز لەناو ناچێت، و بە گەلێکی تر نادرێت. هەموو ئەو پاشایەتییانە تێکدەشکێنێت و کۆتاییان پێ دەهێنێت، بەڵام خۆی بۆ هەتاهەتایە دەمێنێتەوە!"

<u>پاشایەتی خودا شێوەیەکی ئێستا و داهاتووی هەیە.</u>
پاشایەتی بەو شێوەیەی کە ئێستای هەیە و 'لەنێومان'دایە لە جیهان، بەڵام 'سەر بەم جیهانە نییە' (١٢ :٢٨)١٤. لە وتاری سەر چیادا لە مەتا ٥-٧ مەسیح فێر دەکات کە چۆن لە کاتی ئێستادا هاووڵاتییانی پاشایەتی دەبێت لە پاشایەتیەکەیدا بژین. پاشایەتی بۆ قوتابییەکانی مەسیح ئاشکرا دەکرێت، بەڵام بە شاراوەیی دەمێنێتەوە (تاریک) بۆ ئەوانەی دڵیان ڕەق کردووەتەوە (١٣ :١١-١٧). پاشایەتی ئێستا سیفەتێکی تێکەڵی هەیە: گیای خراپ لەنێو گەنمدا چێنراوە و ماسی خراپ لەنێو ماسی باشدایە (١٣ :٢٥، ٤٨). بەڵام پاشایەتی شێوەیەکی داهاتوویشی هەیە. لە هاتنەوەی دووەمیدا، مەسیح فریشتەکانی دەنێرێت بۆ لابردنی "هەموو ئەوەی بوونەتە هۆی گوناە و هەموو ئەوانەی خراپە دەکەن" لە پاشایەتیەکەی (١٣ :٤١)١٥.

<u>چوونە ناو پاشایەتی تێچووی هەیە (بە خۆڕایی نییە).</u>
پەیوەندی کەسێک بە پاشایەتییەوە چارەنووسی هەتاهەتاییەکەی دیاری دەکات (١٣ :٣٦-٤٣، ٤٧-٥٠). فەرمانڕەوا گەنجە دەوڵەمەندەکە پێویست بوو فێر ببێت کە مەحاڵە بە دەوڵەمەندی، هێز، پلە یان ئایین (پابەندبوون بە یاسای مووسا) بچرێتە ناو پاشایەتییەوە (١٩ :٢٣). مەسیح فێر دەکات کە دەبێت سەرەتا هەوڵی بە دەستهێنانی پاشایەتی و ڕاستودروستی خودا بدەین (٦ :٣٣).

دەبێت لە ڕێگەی دەرگای تەنگەوە هەوڵی چوونە ناو پاشایەتی خودا بدەین، واتە دەبێت بە باوەڕ و گوێڕایەڵی بۆ ویستی خودا بچینە ناوی (٧ :١٣، ٢١). تەنها ئەوانەی ڕۆحێکی بێفیز، متمانەپێکراو و ملکەچیان هەیە دەچنە ناو پاشایەتییەوە (١٨ :٣-٤). پاشایەتی زۆر بەنرخە، وەک گەنجینەیەک لە کێڵگەیەک. بە ئاسانی بەدەست نایەت. وەک کڕینی مرواریيەک، هەموو ئەوەی کەسێک هەیەتی دەبێت خەرجی بکات بۆ بەدەستهێنانی (١٣ :٤٤-٤٦).

<u>گەشەکردنی پاشایەتی سەرسوڕهێنەرە، هەم لە دەرەوە و هەم لە ناوەوە.</u>

وەک دەنکی خەردەلێکی بچووک دەچێنرێت و  و دەبێتە دار و هەموو شتێک وەک هەویرترش لە هەورەکەدا دەگرێتەوە یان کاریگەری لەسەر دەکات (١٣ :٣١-٣٣). مزگێنی پاشایەتی ئێستا لە هەموو شار و گوندێکدا ڕادەگەیەنرێت (٩ :٣٥) و لە هەموو جیهاندا وەک شایەتی بۆ هەموو نەتەوەکان ڕادەگەیەنرێت (٢٤ :١٤). پاشایەتی بە هێز پێشدەچێت و پیاو و ژنی بەهێز دەستی بەسەردا دەگرن (١١ :١٢).

<u>خەڵکی پاشایەتی جیاوازن لە خەڵکی جیهان.</u>
جار لەدوای جار لە دڵەوە لە براکانیان خۆش دەبن (١٨ :٢٣ و دواتر). تەنانەت مامۆستایانی پاشایەتی جیاوازن لە مامۆستایانی تەوراتی جولەکەکان. بەپێی مەتا ١٣ :٥٢، مامۆستایەکی ڕاستەقینەی وشەی خودا، دەبێت سەرەتا ببێتە "قوتابییەکی ڕاهێنراوی پاشایەتی خودا". مامۆستایەکی وا دەتوانێت بەردەوام ڕاستییە 'کۆن' و هەتاهەتاییەکانی کتێبی پیرۆز بەکاربهێنێت و جار لەدوای جار بیسەپێنێت بۆ دۆخە 'نوێ'کانی جیهان!

### ٤. دامەزراوەکانی پاشایەتی لە ئینجیل بە گوێرەی نوسینی مەتادا

<u>پاشایەتی چییە؟</u>
پێناسەیەکی کورتی پاشایەتی ئەمەیە: واتە خودا پاشا و فەرمانڕەوایە و هێزی تەواوی هەیە بەسەر هەموو دروستکراوەکاندا. بە تایبەتی پاشایەتی و فەرمانڕەوایی خودایە لە ڕێگەی عیسای مەسیحەوە کە لە دڵەکاندا دان پێدەنێدرێت و لە ژیانی گەلی خودادا کاردەکات (٦ :١٠؛ ٥ :٢٠). لەسەر بنەمای کاری ڕزگاریی عیسای مەسیحە بۆ گەلەکەی و جێبەجێکردنی ئەو کارە لەلایەن ڕۆحی پیرۆزەوە لە گەلەکەیدا. ئەنجامەکەی ڕزگاریی تەواوی باوەڕدارانە لە سەرەتاوە تا کۆتایی (١٩ :٢٤-٢٥)، لە دامەزراندنیان وەک کڵێسایەک لەسەر زەوی (١٦ :١٨-١٩)، لە کاریگەری زیهنی، جەستەیی، کۆمەڵایەتی و ڕۆحانییان لەسەر هەموو لایەکی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی (٦ :١٠؛ ١٣:٣٣) و لە کۆتاییدا لە گەردوونێکی ڕزگارکراودا، لە ئاسمانی نوێ و زەوی نوێ لە هاتنەوەی دووەمی عیسای مەسیحدا بە تەواوەتی دەردەکەوێت (٢٥ :٣٤).

<u>چۆن کەسێک دەچێتە ناو پاشایەتی خوداوە؟</u>
بۆ چوونە ناو پاشایەتییەوە دەبێت دووبارە  لەدایک ببیتەوە[١٦]. دووبارە لەدایک دەبیتەوە، کاتێک باوەڕ بە عیسای مەسیح دەهێنیت (کە بۆ تۆ مرد و زیندوو بووەوە) و کاتێک داوای لێ دەکەیت بێتە ناو دڵ و ژیانتەوە[١٧]. دەرگای دڵت بکەرەوە و بانگهێشتی عیسای مەسیح بکە تاوەکو بێتە ناو دڵ و ژیانتەوە[١٨]. ئەگەر ئەمە بکەیت، ئەوا پاشایەتی خودا (واتە خودی پاشاکە) لە ناو دل و دەروونتدایە[١٩].

<u>دامەزراوە بینراوەکانی پاشایەتی خودا چین؟</u>
مەسیح تەنها پەیامی پاشایەتی ڕانەگەیاند، خەڵکی لە دەوری خۆی کۆکردەوە و وەک کڵێسا ڕێکیخستن. مەسیح خەڵکی بانگهێشت کرد کە لە دەووری کۆببنەوە وو ڕاهێنانی پێکردن بۆ بەردەوامبوون لەو کارەی کە ئەو داوایان لێدەکات. ئەوانەی کە دوای کەوتن بە قوتابی ناوی بردن و دواتر وەک نێردراو ناردنی تاوەکو پەیامی ئینجیل بە هەموو دوونیادا بڵاو بکەنەوە. ئەوانیش بناغەیان دانا بۆ کڵێسای بینراو لە هەموو شوێنێکی جیهان (١٦ :١٨) [٢٠]. بۆیە دەرکەوتنی بینراوی پاشایەتی خودا لە جیهاندا لە ئێستادا کڵێسایە و کڵێسا هەم شێوەی مزگێنیی هەیە (١٠ :٥-١٥) و هەم شێوەی ناوخۆیی (١٨ :١٧).

## ی. مەتا هەروەها مەبەستێکی بەرگریکارانەی هەیە

بێگومان مەبەستێکی بەرگریکارانەش لە پشت ئینجیل بە گوێرەی نوسینی مەتادا هەیە. وەڵامی زۆر پرسیار دەربارەی عیسای مەسیحی پەروەردگار دەداتەوە کە ڕەنگە لەلایەن دوژمنەکانییەوە لە دژی ئەو بەکارهێنرابن.

مێژووی سەردەمی منداڵی وەڵامی هەر تۆمەتێک دەداتەوە لە دژی مەسیح.

مێژووی دەربەهەڵاتنی بۆ میسر و گەڕانەوەی بۆ ناسیرە، هۆکاری نیشتەجێبوونی ڕوون دەکاتەوە لە شاری ناسیرە—کە شارێک بوو بە کەم سەیر دەکرا—لەجیاتی ئەوەی لە بەیتلەحم نیشتەجێ بێت..

ئەو ڕووداوە مێژووییەی کە تێیدا پارە (بەرتیل) درا بە پاسەوانانی گۆڕەکە بۆ ئەوەی درۆ بکەن، دەیسەلمێنێت کە چیرۆکی "دزینی تەرمەکە لەلایەن قوتابییەکانەوە" تەنها تۆمەتێکی هەڵبەستراوە و ڕاست نییە، بەڵکو بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە مەسیح بەڕاستی دوای مردنی زیندوو بووەوە.

وونی ناوی ناجوولەکەکان و گوناهبارە دیارەکان لە ڕەچەڵەکی مەسیحدا، یارمەتی مەسیحییە بەڕەگەز جوولەکەکان دەدات تا تێبگەن کە مژدەی ئینجیل بۆ گوناهبارانی هەموو نەتەوەکانە، ئەمەش جیاوازییەکی ڕوون لەنێوان ئایینی جوولەکە و مەسیحییەتدا دروست دەکات."

١١ ئاشکراکردن ٢١:٢٧
١٢ زەبوور ٢:٧-٨
١٣ مەتا ١٣:٣١-٣٢؛ مەرقۆس ٤:٣٠-٣٢
١٤ یۆحەنا ١٨:٣٦
١٥ ١ کۆرنسۆس ١٥:٢٤-٢٦
١٦ یۆحەنا ٣:٣
١٧ یۆحەنا ١:١٢-١٣؛ ١ یۆحەنا ٥:١١-١٣
١٨ ئاشکراکردن ٣:٢٠
١٩ لوقا ١٧:٢٠-٢١
٢٠ ٢٠: ٢٠